# پێڕست:

١- چۆن لە هزری دوکتور قاسملوو کەڵک وەرگرین............................................. مستەفا شەڵماشی ..... ٤
٢- د. مەحموود عوسمان: تەنیا بە یەکگری و پاڵوێکدان دەتوانین ئەمانی د. قاسملوو قەرەبوو بکەینەوە.........
................................................................................. تەلەڤزیۆنی تیشک .... ١٥
٣- شرۆڤەی دەروونناسیی کەسایەتیی د. قاسملوو............................................. بێهزاد قادری ..... ٢٠
٤- قاسملوو: دەنگی بێگەردی حیکمەت لەنێو جەنجاڵی چەکدا.................................. ڕەحیم نزهەتزادە ..... ٢٥
٥- بەشێک لە دەرسەکانی دوکتور قاسملوو بۆ ئێمەمانان.......................................... هەردی سەلیمی ..... ٢٨
٦- خەبات بە مێتۆدی قاسملوو................................................................. حەسەن ساڵحزادە ..... ٣٢
٧- قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندوە................................................................... عومەر باڵەکی ..... ٣٧
٨- ڕێبەر یان سەرکردە، ئاوڕدانەوەیەکی بابەتی لە د. قاسملوو.................................... ئەسعەد باقری ..... ٤٠
٩- سیاسەت بە تاموچێژی ئەکادێمیا............................................................... سۆران عەلیپوور ..... ٤٧
١٠- قاسملوو، دەنگی مرۆڤایەتی.................................................................. ڕەحیم نزهت زادە ..... ٥٤
١١- دوورئەندێشیی دوکتور قاسملوو لە سیاسەتدا............................................. جەماڵ ڕەسووڵ دنخە ..... ٥٩
١٢- بەشوێن هەنگاوەکانی دوکتورەوە............................................................. دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی ..... ٦٤
١٣- دێموکراتێکی باوەڕدار ........................................................................ ڕەزا دانشجوو ..... ٦٩
١٤- چەکی دوکتور قاسملوو!.......................................................................... ئەلبورز ڕوئین‌تەن ..... ٧٥
١٥- پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی سی و شەشەمینساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور
قاسملوو........................................................................................................ ٨١
١٦- پرسی کورد و گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، میراتی دوکتور قاسملوو....................... حەسەن قارەمانی ..... ٨٤
١٧- سۆسیالیزمی دێموکراتیک: دێموکرات و ئیدەئالەکانی چەپ................................ سۆران باریکە ..... ٨٨
١٨- ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا................................. ئا: شیوا مورادیان ..... ٩٧
١٩- ڕێبەرێک کە لە پێناو ئاشتی و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی دا، گیانی خۆی فیدا کرد..............
.................................................................................. ڕەحمان کاژەیی ..... ١٠٧
٢٠- ١٩ی جولای........................................................................... کاوە ئاهەنگەری ..... ١١٠



سەرچاوە
Serchawe

# چۆن لە هزری دوکتور قاسملوو کەڵک وەرگرین.



**مستەفا شەڵماشی**

**وتاری من لە سیمیناری ستۆکهۆڵم بە بۆنەی ٣٦ ساڵەی شەهید کرانی دوکتور قسملو و هاوڕێیانی**

لە یادی ٣٦ ساڵەی شەهیدکرانی شەهیدانی ویەن دوکتورعەبدولڕەحمانی قاسملو ڕێبەری مەزنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و یەکێک لە کاریگەرترین ڕێبەرانی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە چەرخی بیستەم دا، هەروەها عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازیل ڕەسوڵ دا سڵاو دەنێرم بۆ ڕوحی پاکی وئەو شەهیدانە و هەموو شەهیدانی کوردستان.

لە کەسمان شاراوە نییە کە شەهیدی ڕێبەر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەموو کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەبووە و تا ئێستاش هەیە. بە تایبەت لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دا ئەو کاریگەرییە زۆر بەرچاوەو هزری قاسملوو لە ڕاستی دا

دا نین. ڕژیمەکانی حاکم بەسەر ئەو وەڵاتانە دا لە باشتیرین حاڵەت دا بە هۆی ڕکەبەرایەتیی ناوچەیی ڕەنگە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خەبات دا بە قازانجیان بێ بە هۆی جووڵانەوەی کوردەوە فشارێک بۆ وەڵاتەکەی دەراوسێیان بێنن و لە کۆتاییش دا مامەڵەی پێوە بکەن. هونەری ڕێبەرانی کورد لەوە دایە کە چۆن بتوانن پارسەنگێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەم لە ناکۆکیی نێوان دژبەرەکانیان کەڵک وەرگرن و هەم بە کردەوە نەچنە ژێربار ی داخوازییەکانی ئەو وەڵاتانە کە لە کۆتایی دا بە زیانی هەموو نەتەوەی کورد تەواو دەبێ. بۆیە گرنگترین سیفەت بۆ ڕێبەرانی کورد ئەوەیە کە هزری نەتەوەیی بەسەریان دا زاڵ بێ و هەموو ڕێبازە فکریەکان بۆ گەشەپێدان و برەوپێدانی هزری نەتەوەیی بە کار بێنن. بە لێبڕاوی و ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی دوکتور قاسملکوو ئەوەبوو کە هەوڵی دەدا لەهەموو ڕێبازە فکری و هزرە زانستی و کۆمەڵایەتیەکان، بە قازانجی پتەوکردن و گەشە پێدانی هزری نەتەوەیی کەڵک وەرگرێ و لە کۆتایی دا نەتەوەیی بوون دەوڵەمەند بکا بە بناغەی زانستی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕێبازە جۆربەجۆرەکان بگونجێنێ لەگەڵ هەل و مەرجی خەباتی نەتەوەی کورد و ستراتیژیی خەباتی کوردیش بگونجێنێ لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهانیی سەردەم و ئەو ڕێبازە فکرییە پێشکەوتوانەی جیهان کە توانیویانە کۆمەڵگاکەی خۆیان بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردن و ئازادی و یەکسانی هیدایەت بکەن. کەواتە هزری دوکتور قاسملوو لە سەر بناغەی نەتەوەیی بوونێکی پێشکەوتنخوازانە دامەزراوە کە ئەگەر بە باشی کەڵکی لێ وەربگیرێ یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی کە لە داهاتوو دا نەتەوەی کورد بەرەو ئازادی، پێشکەوتن و سەربەخۆیی هیدایەت بکا. ئێمە لەسەر چ بناغەیەک دەتوانین ئەو ئیدیعایە بکەین کە هزری دوکتوور قاسملوو بەم جۆرە بەربڵاوە و دەکرێ وەک مۆتۆڕی جووڵاندنی خەباتی نەتەوەی کورد چاوی لێبکرێ کە دەتوانێ ببێتە ئەو یارمەتیدەرە گەورەیە. لێرەدا بە چەند خاڵێک دەکرێ ئەوە ڕوون بکەینەوە:



## ڕێبەرێک کە لە پێناو ئاشتی و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی دا، گیانی خۆی فیدا کرد.




**ڕەحمان کاژەیی**

٣٦ ساڵ لەمەو پێش، ڕێبەری مەزن، دوکتور قاسملوو، لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، لە ڤیەن، پێتەختی وڵاتی ئوتریش، لە سەر مێزی وتووێژ، لە پێناو چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تیرۆر کرا.

ئەو ڕووداوە تاڵ و دڵهەژێنە و دەیان و سەدان ڕووداوی هاوشێوە، نیشاندەری ئەوەن کە داگیرکەرانی کوردستان، هیچ کاتێک نەیانویستووە و نایانەوێ، دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دابنێن و دەست لە داگیرکاری هەڵگرن، لە ڕاستیدا مان و مەوجودییەتی خۆیان، لە نەمانی کورددا دەبینن. هەربۆیەشە پیلانگێرییەکانیان دژی ئەو گەلە، لە ئەولەوییەتی کارە ڤێزەونیەکانیان دایە.

ئەوە زیاتر لە سەدساڵێشە، کورد بە گشتی خەبات دەکا بۆ ڕزگاری لە دەست چەوسانەوە و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، لە سەر خاکی باب و باپیرانی بە شێوازی جۆراوجۆر.



ئاشکراشە لە سەرتاسەری گۆی زەوی، گەلێک بە حەشیمەتێکی شێست - حەفتا میلیۆنی، شک نابەی و نادۆزیەوە کە لە سەر خاکی خۆی، ئاوا هەڵوەدا و بێ کەیانێکی سەربەخۆبێ و لە لایەن داگیرکەرەکانیشیەوە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک و نامرۆڤانە، سەرکوت بکرێ.

## کە وابوو کێشە سەرەکییەکە لە کوێدایە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە، ئەوەندە هاسانە کە پێویست بەوە ناکا لە کتێبە فەلسەفییەکان دا بۆی بگەڕێی، (ئەگەر بنەماڵەیەکی چوار کەسی، بۆ وەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی یەک ئامانج، بە چوار ئاڕاستەی لێک جیاواز دا هەنگاو بنێن، ئاکامەکەی بێجگە لە سەر لێشێواوی و مایە پووچ بوون،دەتوانێ چ بەرهەمێکی دیکەی هەبێ؟)

باوەڕ ناکەم کەس هەبێ، نکۆڵی لەوە بکا کە بەشی هەرە زۆری نەهامەتییەکان و ڕۆژڕەشی گەلی کورد، بە پلەی یەکەم، گرفتە نێوخۆیەکانن. کە ئەوە وایکردووە، ڕاستەوخۆ بێ متمانەیی کۆمەڵگای جیهانیش، بەرانبەر بە مەسەلەی کورد، بە دوای خۆیدا بێنی:

کاتێک گەلێک ئامانج و ئیستیراتیژییەکی ڕوون و یەکگرتووی بۆ چارەسەری بنەڕەتی لە سەر پرسە نیشتمانییەکانی خۆی نەبێ، سەر لە کۆماڵگای نێودەوڵەتیش دەشێوێنێ، (کە داخوا گرفتەکە، نێوخۆییە، یا چارەسەری گەلێکی دەیان میلیۆنییە

کە زیاتر لە سەد ساڵە، بێ چارەسەر ماوەتەوە؟).

ئەوە لە کاتێک دایە کە دەیان بەڵگەی زیندوو لە بەر دەستدان و ئاماژە بەوە دەکەن کە مەسەی کورد، ناکرێ و ناگونجێ، چارەسەرێکی نێوخۆیی بۆ بدۆزرێتەوە، سەری نەگرتووە و قەتیش سەرناگرێ.

لە کۆتایی داو بەو بۆنە خەمناکەوە، دەمەوێ ئەوە بڵێم:

ئەگەرگەلی کورد بیهەوێ بۆ هەمیشە خۆی لە دەستی تیرۆر، ڕەشەکوژی و وێرانی ڕزگار بکا، پێویستە یەکگرتووانە و بە یەک ئاڕاستە دا، هەنگاو بنێ. مەسەلەی کورد، یەک مەسەلەیە و چوار نین. هەتا بە چواری بزانین، چوار وڵامی جیاوازیش وەر دەگرینەوە کە بۆمان ناخرێنەوە سەریەک و دابڕانەکەش، درێژەی دەبێ و چارەسەری بنەڕەتیش، هەرگیز بەدی نایە. بۆیە زیاتر لە هەر کات و زەمانێک، حیزبە سیاسی و نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان، ئەرک و بەرپرسیارییەتێکی مێژوویان دەکەوێتە سەرشان لە بەرانبەر نەوەکانی داهاتوو و مێژوودا. بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستن، بە دڵنیاییەوە، مێژوو نایان بەخشێ.

**سڵاو لە گیانی پاکی ڕێبەری مەزن، دوکتور قاسملو، عەبدوڵڵا قادری ئازەر و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان.**
**مردن و نەمان بۆ کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی ئێران.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ١٩ی جولای




**کاوە ئاهەنگەری**

شەهید د. قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژێکی وەک ئەوڕۆدا قەرار بوو بۆ یەکەم جار سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات. ئەو وڵاتەی ساڵانێک بوو، بە هۆی ئەوەی لە وڵاتێکی کۆمۆنیستی دوکتوڕای وەرگرتبوو و هەر لەوێش وانەی وتبۆوە، هەروەها لەبەر بیرۆکەی چەپی قاسملوو، کەوتبۆ نێو لیستی ڕەشی ئامریکاوە و ڤیزای پێ نەدەدرا. بەڵام دوای شەرێکی زۆر قورس لەگەڵ ڕەشبیرترین و دڕندەترین ناپیاوی سەر زەوی واتە خومەینی و خەباتێکی بێوچان و بێوێنە بۆ ئازادی و شەڕ بۆ ڕزگاری، ئامریکاییەکانیش پێداچوونەوەیان بە دۆسیەکەی قاسملووی مەزن کرد و بۆ ١٩ی جولای ١٩٨٨ زایینی واتە شەش ڕۆژ دوای شەهید بوونی، ڤیزەی بۆ دەردەکرێ.

قاسملوو و دەوڵەتی ئامریکا بە درەنگییە ڕوویان لە یەکتر کرد. بێگوومان ئاکامی گفتوگۆکانی قاسملوو لەگەڵ ڕژیمی پەت و سێدراە، بۆ کاتی چوون بۆ ئامریکا، دەیتوانی زۆر گرینگ بێ و دەکرا کۆتایی وتووێژ و چاوپێکەوتنەکانی ( ئەگەر تیرۆر نەکرابا) لە دوای گەڕانەوەی لە ئامریکا بۆ کوردستان، هەوێنی هەندێک سناریۆی سیاسی و مەیدانی نوێ بۆ کورد و ئامریکاییەکان بن و هەروەها ئەم دیدارەی ئامریکای دکتور قاسملوو، گۆڕینی باڵانسی هێزی کورد لە مەیدانی شەڕ لەگەڵ

کۆماری سێدراەی لێکەوتبایەوە.

نە تەنیا قاسملوو لە رووی سیاسی و جیهانبینییەوە تووشی گۆڕانێکی بەرچاو و سازندە هاتبوو بەڵکوو ئامریکاییەکانیش دەیانبینی و دەیانزانی کە قاسملوو چ رێبەرێکی مەزنە و دەتوانێ لە رووی سیاسییەوە لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی و ئێران بە تایبەتی، رۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێ، هەر بۆیەش ڤیزای بۆ دەردەکرێ و رێکەوتەکەشی ١٩ی جولای ١٩٨٨ی زایینی بووە .

بەڵام مخابن، دەستی رەش و نگریسی رژێمی خومەینی لە پیلانی بە ناو " وتووێژەکان"ی دا، گیانی ئازیزی قاسملووی مەزن دەستێنێ و ئیتر ئەم سەفەرە روو نادات.

پێموایە کە ئەگەر ئەم سەفەرە روویدابا و قاسملووی مەزن پێی گەیشتبا بە ئامریکا و لەگەڵ دەوڵەتمەردان و سیاسییەکانی ئەو وڵاتە چاوپێکەوتنی کردبا، ئەوە گۆڕانێکی بەرچاو لە روانینی ئامریکاییەکان بە نیسبەت ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری سێدارە و پرسی جێگرەوە و رێبەرێی ئۆپۆزیسیۆن دەهاتە ئاراوە.


قاسملوو ئەو توانایی و تایبەتمەندییانەی تێدا بوو کە بە کۆتایی هێنان بە تەنیایی سیاسی خۆی، لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە تایبەتی بە یارمەتی و هاوڕێیەتی زلهێزێکی دێمۆکراتی وەک ئامریکا، بتوانێ لە سەر چارەنووسی سیاسی رژێمی کۆماری ئیسلامی شوێندانەر بێ. بۆیە پێموایە کە کۆماری سێدارەش دەیزانی کە قاسملووی کوردان داوای ڤیزای ئامریکای کردوە و چوونی ئەو رێبەرە مەزنەش بۆ ئامریکا دەیتوانی ببێتە خالێکی وەرچەرخان بۆ حیزبی دێمۆکرات، دژبەرانی رژێمی ئیسلامی و بگرە روانینی ئامریکاییەکان بە نیسبەت کورد و ئۆپۆزیسیۆنی رژیمەوە. هەر بۆیەش رژێم لە بە ناو گفتوگۆکانی خۆی لەگەڵ قاسملوودا، هەر لە سەرەتاوە و لە بنەڕەتدا، مەبەستی تیرۆر و کوشتنی قاسملووی کوردان بوو.

**د. قاسملوو دەیزانی لەگەڵ کێ و لە کوێ و چۆناوچۆن لابیگەری سیاسی بکات. بە کورتی و پوختی بلیمەتی جیهانی سیاسەت بوو.**

**یاد و ناوی شەهیدانی ڤیەن د. ع. قاسملوو و عەبدوڵا قادریئازەر بەرز و بەڕێز**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠٢٥**

# ناخۆشترین و تاڵترین ڕۆژی ژیانم



**برایم چوکەڵی**

ژیانی پێشمەرگایەتی هەر ئەوەی کە لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕووی و هەموو ناخۆشی و کوێرەوەرییەکانی ڕۆژگار، شەو و شەو نخونی، برینداریی، بێ نان و ئاوی، برسیەتیی و نەداری، ئەوەی نەیبێ ماڵی دنیایە.... هتد. وەک لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەردەکەوێ کە چەندین جار لە چەند میتری مەردن گەڕاومەتەوە لەوە ناخۆشتر نیە. بۆ منی خۆشی لەخۆنەدیو، کە هەموو شتێکم هاوسەنگەرەکانم و پاراستنی گیانیان و درێژەدانی خەبات بوو شتێکی دیکەم نەبوو لەدەستی بدەم، چونکە هەموو ژیان وماڵ و زندگیم بۆ حیزب وشۆڕش دانا. هیچکات بیرم لەوە نەکردەوە لەوانەی ئامازەم پێکرد ڕۆژێکی ناخۆشترم بۆ پێتە پێش. بەڵام بەداخەوە ڕوویدا.



سەرچاوە
Serchawe

ئێواریٚ خۆمان پێچاوە و لە هەورازی چۆمی بناوەڕەشان سەرکەوتین. ڕادیۆ هەواڵی کۆستەکەی دەخوێندەوە. هەنگاوەکانمان قورس ببوون. کەس قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد. هەموو لەنێو خۆمان دا بووین. من لە مێشکم دا بۆ وڵامی ئەو پرسیارانە دەگەڕام کە بۆ ساتێک لێم نەدەبوونەوە. شۆڕش چی بەسەر دێ؟ حیزب چۆن ئەو زامە گەورەیە هەتوان دەکا؟ بڵێی بەدەردی جووڵانەوەکانی ڕابردوو بچین و هەرەس بێنین؟... سەعات ٨ی شەو لە دۆڵی قەبری چەرچییان پشت شێنان بەرەو مێرگەنەخشێنە دەچووینە خواریٚ. (ڕادیۆ BBC لەندەن) وتوویژ و ڕاپۆرتی لەسەر ئەم ڕووداوە بڵاو کردەوە. گوێدان بە bbc ماوەیەک سەفی پێشمەرگەی ڕاگرت.

## بەڵام دوکتور قاسملوو کێ بوو؟

ئاستی سەرکەوتوویی و لێهاتوویی و شوێندانەربوونی دوکتور قاسملوو یا هەر ڕێبەرێکی سیاسی بە پێوەری خۆی هەڵدەسەنگێندریٚ. دوکتور قاسملوو بە ڕۆڵ وکاریگەریی و بەرهەم و دەسکەوتە سیاسیەکانی لە کاتی ژیانی داو لەجەریانی خەباتی بێ وچانیدا نیشانیدا کە ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی کورد و کوردستانە. دوکتور قاسملوو ڕۆڵی مەزنی لەزیندووکردنەوەی حیزبدا هەبوو. لە کۆنفرانسی یەکەم تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی لە حیزبی تودەی جیا کردە، واتە لەناو تەشکیلاتدا خەڵک پێوەندی بەحیزبی تودەوە نەمێنێ، بەڵام ئەو بۆخۆی ئەندامی حیزبی توودە بوو. ئەو بە جۆرێک ڕۆڵی خۆی گێڕا تەنانەت کیانوری لە کتێبەکەیدا باس دەکا کە قاسملوو تەشکیلاتی کوردستانی لە حیزبی تودە جیا کردۆتەوە ئەوە لە کاتێکدایە کە دوکتور قاسملوو نوێنەری حیزبی تودە لە کوردستان بووە واتە حیزبی دێموکرات لقێک لە حیزبی تودە بێ. ئەگەرچی لەماوەی ١٠ ساڵ واتە ١٣٣٩ تا ١٣٤٩ دوکتور قاسملوو لە ئوروپا دەبێ ئاگای لەحیزب نابێ لەو ماوەیەدا، دوکتور قاسملوو پێوەندی لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی تودە لەدەرەوە دەبێ و هاتوو چۆیان دەکا، لێرەیە دوکتور قاسمڵوو هەست دەکا کە حیزبی تودە ناسیونالیزمی کوردی خستۆتە پەراوێزەوە، کە وابوو شەهید دوکتور قاسملوو پێویست بوو ئالوگۆڕ پێک بێنێ کە هەستی بەوە کرد شوناسی خۆی لێ دەستێنن بۆیە کاتێک گەڕاوە کوردستان لە کۆنفرانسی سێهەم حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرنامەی پێشکەووتووی بۆ داناو وەک حیزبێکی سەربەخۆ و بناخەی لەسەر بریاردانی سەربەخۆیی دامەزراندەوە. لەو کاتەوە هەمیشە نووکی هێرشی حیزبی تودە لە شەخسی دوکتور قاسملوو بووە. "ڕادمنش" باس لەو مەسەلەیە دەکاو دەڵێ "کە دوکتور قاسملوو عامیلی سەرەکی پچڕانی کوردستان واتە حیزبی دێموکرات لە حیزبی تودەیە."

بە نووسینی ئەو بەرنامەیە هەستی کوردایەتی بەهێزتر کرا. لەگەڵ ئەوەی دوکتور کەسیکی مارکسیست و چەپ بوو باوەڕی بە تیئوری پەرەساندنی کۆمەڵ بوو هەمیشە خۆی نویٚ دەکردەوە وشتی نوێی باس دەکرد. کورتەباس کەم کەس دەیوێرا خۆی


لێ بدا وباسی بکا بەڵام ئەو ڕەخنەی لە سوسیالیزمی مەوجود گرت و بەڵگەش دێنێتەوە بۆ سوسیالیزمی کە بۆ کوردستان باسی دەکرد حیزبی شیوعی و پارتی، کە هەر کام کێشەیەکیان لەکوردستان چارەسەر دەکرد بەڵام باوەڕی وابوو هەم کێشەی کۆمەڵایەتی هەم کێشەی نەتەوەیی دەبێ چارەسەر بکرێ. ئەوەش هەڵایەکی زۆری لەلایەن دژبەرانی دوکتور قاسملووی لێ کەوتەوە. چونکی ئەوان پێیان وابوو هەرچی یەکێیەتی سوڤییەت بیلێ وەک خۆی بەڕێوە بچێ. بەڵام دوکتور بە پێچەوانە. بۆ وێنە لەسالی ١٣٦٥ دوکتورقاسملو لەگەڵ هەلومەرجی نێونەتەوەی خۆی دەگونجاندو لەسەر واقعێیەت قسەی دەکرد. ئەو کە بۆ یەکەم جار لە لیما پایتەختی پیرۆ لە گۆنگرەی ئینترناسیونالدا بەشدار بوو ئەوە سەرەتایەک بوو کە کاک دوکتور بەرەو دۆستایەتی لەگەڵ حیزبەکانی سوسیال دێموکرات پێوەندی بگرێ و نیشانەی ئالوگۆڕ لە بیری ئەو دابوو دیارە بەداخەوە مجالی ژیانی لێ ستێندرا لە لایەن تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی، بۆیە لەوانەبوو زۆر شتی دیکەی لە بیرو زەینی دابێ کە هەموو بە نەهێنی هێشتەوە.

لەوە گرینگتر بەو میراتە سیاسی و هزریانەی کە دوکتور قاسملوو لە دوای خۆی بەجێی هێشت. ئێمەش ئەو دوو مەسەلەیە بەلامانەوە گرینگ و کردمانە بنەما بۆ ختستنە ڕووی بەشێک لەدەسکەوت و خزمەت و میراتە بەنرخە سیاسییەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە. ئەو فێری زۆر شتی کردین. سەربەخۆی سیاسی، ئەخلاق لەسیاسەتدا، یەکێتی فکری سیاسی وتەشکیلاتی، بووژانەوە و بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی و چۆنیەتی ئیدارەی مودیرییەتی حیزبی و کۆڵنەدان و باوەڕ بە دێموکراسی.... ئەو وانانەن کە حیزبەکە گۆشی پێگرت. ناوبراو لە هەموو کەس باشتر توانای فۆرمۆلەکردنی داخوازەکانی کورد، وتەبێژێکی لێهاتوو و لێوەشاوەی گەلی کورد لە ئاستی جیهاندا بوو.

دوکتور قاسملوو لەناو حیزبدا کەسایتێکی بەرز و خاوەن بڕیار و مدیر بەمانای واقعی وشە بوو، لە بەڕێوەبەری حیزب و لەئیدارەکردنی حیزبدا کەسێکی تایبەتی و "فوق‌العاده" بوو هەرکارێکی کە بە نەزەری خۆی پێی دروست بایە بۆ بەئەنجام گەیاندنی یا سەرکەوتنی زۆر جەسوورانە لەپشت ئەو کارەی دەوەستا و پشتیوانی لێ دەکرد و زۆر بە کارامەیی و لێزانانە بەڵگەی بۆ تەوجیە کردنی دێناوە، بەجۆرێک هاوڕێکانی بە "اقناع" دەگەیاند کە هیچکات لە "توجیە" کردنی مەسەلەیەک عاجزی پێوە دیار نەبوو تەنانەت بۆ ڕازیکردنی هێندێک هاوسەنگەری ناڕازی و سەرسەخت کە ئیقناعیان نەدەکرد بەجۆرێک لەژێر بارانەی دلایل و استدلای خۆی دەگرتن کە لەئاکامدا قەناعەتیان بە قسەکانی دینا. هەموو کار وئەرکێکی لە مودیرییەتدا ئیقناع بوو کە بەدروستی لەناو حیزبدا بەڕێوەی دەبرد.

ڕاستە قاسملووی شەهید و خەباتگێڕ لەگەڵ ئەوەی بڕوای قووڵی بە چارەسەریی مەسەلی کورد لە ڕێگای سیاسی و ئاشتیخوازانە هەبوو و لەو ڕێگایەش دا سەری بەرزی دانا، بەڵام لە هەموو ئەوانە گرینگتر کە باوکی هەموو شتێک و

# ٢٢ی پووشپەڕی ٦٨ و بڕیارێکی سەخت



**تەیموور مستەفایی**

٣٦ ساڵ پێش بە نۆش کردنی جامی ژەهر لە لایەن خومەینییەوە، ئێران وعیراق ئاگر بەستیان ڕاگەیاند. پاش ئەم ئاگر بەستە، عیراق ڕێگای نەدەدا کە هێزەکانی پێشمەرگە بە مەرزەکانیدا بگەڕێنەوەبۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، بۆیە بە قاچاخ و بەبێ ئاگادار کردنەوەی دەوڵەتی عیراق، پاش پێوانی نیزیک بە حەوتوویەک ڕێگا بە کۆڵەپشتێک لە خواردن و کەرەسەی پێویست" لیباس، فیشەک و....." لە بێشێ شوێنی نیشتەجێبوونی مەڵبەندی شومال لە باشوری کوردستان پاش بڕینی چەندین مەیدانی مین و شاخەکانی "هەڵگورد و سپی ڕێز، ڕندۆڵە و بابۆڵە" لەنێوان دوو بەرەی شەڕی ئێران و عێراقدا، خۆمان گەیاندەوە شاخەکانی مەرگەوەڕی دەلال.

لە بەیانییەکی زوودا هێزێکی ڕێژیم کە بۆ ڕاوڕووت هاتبوونە ئەو کوێستانانە و لە گەڕانەوەی پێشمەرگەکان بۆ ناوچە ئاگادار نەبون، کەوتنە بەر پەلاماری پێشمەرگەی هێزەکانی ئاگری و کێلەشین و گەمارۆیان دان و داوای تەسلیم بوونیان لێکردن، سەرەتا خۆیان بە دەستەوە نەدەدا ، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت تەقە ولێکدان بە کوژرانی فەرماندەکەیان، باقی هێزەکە کە ١٥کەس بوون، خۆیان تەسلیم کرد و گوازرانەوە بۆ مێرگی شابتان کە شوێنێکی قایمتر بوو.

دوو ڕۆژ بوو دەرفەتی پەیوەندیکردنمان بە بێسیمی ناوەندی لە گەڵ دەفتەری سیاسی نەبوو، نیزیک کاتژمێر ١١ی نیوەڕۆ بێسیمچییەکەمان بێسیمەکەی کردەوە و پاش چەند خولەکێک بە ڕەنگ پەشۆکاوی پەیامێکی دەفتەری سیاسی پێدایین کە لە پەیامەکەدا هاتبوو:

"بەداخەوە کاک دوکتورقاسملوو کەوتوەتە بەر هێرشی تێروریستی و برینداره، ورەی کادر و پێشمەرگەکان ڕابگرن، لە پەیوەندییەکانی دواتردا لە چۆنیەتی ڕووداوەکە ئاگادارتان دەکەینەوە."

پەیامەکەم بە هاوڕێیانی کۆمیتەی شارستانی شنۆ و مەڵبەندی شومال نیشاندا، هەموو بە نیگەرانێکی زۆرەوە چاوە ڕێی ڕوونکردنەوەی زیاتری دەفتەری سیاسی لە پەیوەندییەکانی دواییدا ماینەوە.

لەو هەلوو مەرجە دژوارەدا بیرمان لە دیلەکان دەکردەوە کە ڕەنگە بە بیستنی ئەم هەواڵە پێشمەرگەکان تووشی ئیحساسات بن و وەبەر گولەیان بدەن و بیانکوژن، هەموو دیلەکانیش سەرباز بوون وکوڕە هەژار، بێجگە لە ٢ کەسیان کە تورک بوون باقیەکەیا ن کورد بوون. پێویست بوو بڕیارێکیان لە سەربدەین ، دیل کوشتن لە پرنسیپەکانی حیزبدا ڕێگە پێ نەدراو بوو، د.قاسملووی نەمر بۆ جێ خستنی ئەم پرنسیپە زۆری زەحمەت کێشابوو و بەردەوام پێداگری لە سەر پاراستنی دیلەکانی شەڕ دەکردەوە.

لەو هەلوومەرجەدا بڕیاردان ئاسان نەبوو لە لایەک ئەوهەواڵە ناخۆشەیان پێدابی و لە لایەکی دیکەشدا ١٥ دیلی شەڕت لەبەر دەست بێ، بە هەموو لێکدانەوەیەک و بە بیرکردنەوە لە لێکەوتەکانی مانەوەی دیلەکان و ئازاد کردنیان وامان بە باش زانی ئەو دیلانە ئازاد بکەین . پێشتر قسەمان بۆ دیلەکان کردبوو و کاک حەسەن کتابیش فیلمی لێ هەڵگرتبوون بۆیە بە بێ دواکەوتن ئازادمان کردن.

کەم کەم هەواڵەکە لە نێو پێشمەرگەکانی هەردوو هێزەکەدا بڵاو دەبوویەوە و نیگەرانی هەمووانی داگرتبوو، جەوێکی زۆر ناخۆش بوو هەر چەند کەسە بە نیگەرانیەوە سەریان پێکەوە نابوو، لەم کاتە دا دیدەبانەکانمان لە بەرزاییەکاندا ئاگاداریان کردینەوە کە هێزیکی زۆری ڕێژیم بەرەو سەنگەری پێشمەرگەکان لە پێشڕەویدان، کاتژمێر گەیشتبووە لای چواری ئێوارێ کە لە بەرزاییەکانی" شابتان و بۆزی سینا" شەڕ دەستی پێکرد. لە یەکەم ساتەکاندا بەهۆی نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان دووتیم لە پێشمەرگەکانمان وتەقەی نێوانیان جەمشید بدەلی پێشمەرگەی هێزی ئاگری شەهید بوو. پاش دوو کاتژمێر بەرنگاری پێشمەرگە نەبەزەکان بە وەشاندنی زبەری قورس لە دوژمن پاشەکشەیان پێ کردن و ٢ بەکرێگیراوی

ڕێژیمیشیان بەدیل گرت.

کاتژمێر یەک و سی خولەکی ٣٠/١ نیوەڕۆ ڕادیو ئاڵمان خەبەرەکەی بڵاو کردەوە و ئیتر بەداخەوە لەوە دڵنیا بووین کە کاک دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی شەهید بوون، بەو حاڵەش چاوە ڕوانی هەواڵی دوایی دەفتەری سیاسی ماینەوە.

پاش کۆتایی شەڕەکە و پاشە کشەی دوژمن شابتانمان بەرەو شاخی دالانپەڕ بەجێ هێشت، بەڕێگادا بەرەو دالانپەڕبووین کە ڕادیو دەنگی کوردستان بە مارشی ماتەم کرایەوە و هەواڵەکەی ڕاگەیاند، هەموو پێشمەرگەکان لە گەڵ ئەوەی بەڕێگادا دەڕۆیشتن دەگریان، منیش زۆرم هەوڵدا بۆ ڕاگرتنی ورەی پێشمەرگەکان نەگریم بەڵام خۆم پێ ڕانەگیراو و بە دڵ بۆ ڕێبەرێکی بێ وێنە گریام ، نە قەت ئەو ڕۆژەم لە بیر دەچێتەوە ونە ئەو بڕیارە سەختەشم لەبیر دەچێتەوە کەلەوڕۆژە ڕەشەدا ١٥ دیلی دوژمنمان ئازاد کرد.

زۆر جاران کە بیر لەو بڕیارە دەکەمەوە سەرم سوڕ دەمێنێت ودەڵێم، مرۆڤ دەبێ چ دڵێکی هەبێ کە لە ڕۆژێکی ڕەشی وادا بتوانێ بڕیاری وا سەخت بدات.

ڕۆژی دوایش دوژمن هێرشی کردەوە سەرمان و گەمارۆی داین، گەمارۆکەیمان تێک شکاند. لە شەڕی ئەوڕۆژەشدا"٢٣ی پوشپەڕ" چەند کەسێکمان بریندار بوون کە منیش یەکێک لە بریندارەکانی ئەوشەڕە بوم، ٢ دیلەکەی ڕۆژی پێشوشمان پاش ڕزگاربوون لەو گەمارۆیە ، لای ئێوارە ئازاد کرد.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و کەمێک حەسانەوە ،هەر ئەو ئێوارەیە کۆبوونەوەیەکم بۆ پێشمەرگەکان گرت و لەسەرئەو کارەساتە قسەم بۆ کردن، وێڕای سەرەخۆشیم لێیان و دڵدانەوەیان داوام لێکردن خۆ ڕاگربن وپێم ووتن ئەگەر د. قاسملومان خۆش ئەوێ دەبێ لە باتی دوش دامان وگریان ڕێگاکەی بگرین و تۆڵەی لە دوژمن بکەینەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە هەر لەو کاتەدا بۆ ورەدان بە پێشمەرگەکان بوو، پەیمان نوێکردنەوەش بولە گەڵ گیانی پاکی شەهیدی ڕێبەر د.قاسملووی نەمر بۆ درێژەدان بە ڕێبازەکەی و هاوکات پوچەڵکردنەوە و نا ئۆمید و داماو کردنی ڕێژیم لە ئاست پیلانگێرییەکانیدا.

زۆربەی قسەکانی خۆم لەو کۆبونەوەیە لە بیرە، بۆ ئەوەی بابەتەکە درێژ نەبێتەوە لە نوسینیان خۆم دەبوێرم.



خوێنەری بەڕێز، پێم باش بوو لە ساڵرۆژی شەهید بوونی قاسملووی مەزن دا چەند لاپەڕێک لە دوایین کتێبی کارۆل پروونهووبێر وەرگێڕم کە باس لە تیرۆری ئەم ڕێبەرە ناودارەی کورد دەکا. هەروەها پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد و کۆ کردنەوەی گەلێک زانیاری باس لە رۆڵی نادیاری د. فازڵ رەسووڵ دەکا کە لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتدا بە هەر هۆیەک بێ، زیاتر لە رووی متمانەو بە چاوی پۆزەتیڤەوە سەیری کراوە. بە هۆی ئەوەی هاوڕێیەکی خۆشەویست قەرارە ئەم کتێبە بکا بە کوردی، من تەنیا ئەو چەند لاپەڕەیە کە پێوەندیی بە رۆژی تیرۆرەکەوە هەیە دادەنێم، هەرچەند هێندێک جێگای بۆ بەشێک لە خوێنەران ئاشنایە. هەروەها پەراوێزەکانی پێوەندیدار بەم بەشەم دانەناون، با بمێنن بۆ وەرگێڕانی تەواوی کتێبەکە:

**مستەفا مەعرووفی**

## تیرۆر

کوردانی ڤییەن باوەڕیان بە[فازڵ] رەسووڵ نەبوو. ماوەیەکی زۆر بوو لێی دوور کەوتبوونەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو پیاوە گەنجە هەوڵی دەدا لێیان نزیک بێتەوە.

رابردووی سیاسیی رەسووڵ ئاڵۆز بوو: وەک لایەنگرێکی مائۆویزم، ساڵانێک بوو لە ئێراقەوە پەنای بردبووە لوبنان. لەوێ

لەگە ئۆ ئێل پێ OLP (ڕێکخراى ئازادیخوازى فەلەستین) کارى دەکرد. ئەو ئاخیرەکەى لە ئوتریش خۆى دیتبۆوە، ئەو شوێنەى کە ژمارەیەکى زۆر لە ئەندامانى بنەماڵە گەورەکەى لێ دەژیان، و ببوو بە هاووڵاتیى ئەو وڵاتە نوێیەى کە لێی وەرگیرابوو.

لە زانکۆ، لەگەڵ سووزان رۆکێن شۆب یەکتریان ناسی کە یەکێک بوو لە بنەماڵەیەکى ئاریستۆکرات. ئەو خانمە کچی پرۆفیسۆرێکی زانکۆ، ناسراو و ئەندامى پارتى سۆسیال دێموکراتى ئوتریش بوو. کاتێک رەسووڵ ئەوى ناسی، ئەو خانمە لایەنگرى بزووتنەوەى ترۆتسکی بوو، ئیزدیواجیان کردبوو بەڵام منداڵیان نەبوو.

رەسووڵ کاریگەریی زۆرى لەسەر ئەو خانمە هەبوو. کاتێک دەستى لە مارکسیزم هەڵگرت بۆ ئەوەى بگەڕێتەوە سەر مەڕامى ئیسلامى، سووزان کە ئەوکات دوکتۆر بوو لەم ڕێگەیەدا وەدواى کەوت. ورد، تێگەیشتوو و بە چەند زمانان بە ڕەوانى قسەى دەکرد، ئەو ئوتریشییە بەرەو ئیسلام گۆڕابوو ئەو کاتەى کە رەسووڵ راى دێنا. لە ئاکامى ئە گۆڕانەدا هەستێکی بێ خەوشی بۆ لاى شۆرشى ئیسلامى هەبوو.

ئازاد ترسی لێ پەیدا ببوو کاتێک ئەو نزیکایەتییە سیاسییەى بۆ دەرکەوت لە ساڵی ١٩٨١دا ، ئەو کاتى رەسووڵ و سووزان لە کوردستانى ئێرانێ میوانى ببوون. ئەو ترسابوو لەوەى کاتێک بۆى دەرکەوت میوانەکەى لە ماڵە خۆى ڕا تەلەفۆن دەکا بۆ دۆستەکانى لە تاران، بۆ کارمەندانى دەوڵەتى ئێران.

بابەتى قسەکانى نێوان رەسووڵ و دۆستەکانى بریتى بوو لە شەڕى نێوان تاران لە دژى کوردان. ئازاد گوێی لە قسەکان بوو کە شەڕەکە بەرەو تەواوبوون دەچێ. ئازاد توانیبووى هێندێک بەشی قسەکان ببیسێ، رەسووڵ ئاماژە بەوە دەکا زۆر باش بەنى سەدر - ئەبولحەسەنى بەنى سەدر دەناسێ، ئەوەى کە سەرۆککۆمارى شۆرشى ئیسلامى و پارێزەرى خومەینى - و وەرگێڕى یەکێک لە کتێبەکانى بوو.

لە ماوەى مانەوەیان لە ١٩٨١ دا، ئازاد، سووزان و رەسووڵ بە ترۆمبێل لەگەڵ گرووپێک لە دۆستان سەفەرى باکوورى ئێرانیان کرد. لە ماوەى تەواوى ڕێگا دا رەسووڵ بێ ئۆقرە بوو. هەوڵی ئازاد بۆ ئارامکردنەوەى بێ سوود بوو. «مەترسە، ڕێگاکانى ئەم ناوچەیە لە بەردەستى کوردان دان». رەسووڵ وەڵامى دایەوە:« دەترسم...لەوەى کە لێرە مەئموورى ئێراقیی لێ بن...». لەو کاتەوە ئازاد گومانى لە پەنابەرى کور لێ پەیدا بوو. کە هاتنەوە ڤییەن خۆى لێ دوور راگرتن. کاتێک بۆى دەرکەوت کە رەسووڵ لەگەڵ باڵیۆزى ئێرانێ پێوەندیی هەیە، یەکتریان نەدیتەوە هەتا قاسملوو هاتە ئوتریشێ بۆ

کۆبوونەوان.

مستەفاش باوەڕی بە رەسووڵ نەبوو. کاتێک لە ڤییەن وەک نوێنەری نوێی PDKI نیشتەجێ بوو، رەسووڵ هەوڵی دا -دیارە بێ سەرکەوتن - پێوەندیی پێوە بگرێ. کوردەکان نەیان دەویست ببینن. هەر بۆیەش لە هاوینی ١٩٨٩دا کاتێک قاسملوو گەیشتە پێتەختی ئوتریش و کاتێ بۆی دەرکوت کە رەسووڵ زۆر لە قاسملووی نزیکە، کوردەکان ئاگاداریان کردەوە. ئەم پێوەندییەی نێوان قاسملوو و ئەو پیاوە گەنجە گوماناوییە چۆن دروست ببوو؟

*

کاتێک، لە رۆژی ١٢ی ژووئیە قاسملوو و ئەحمەد بێن بێللا لە ئەپارتمانی رەسووڵ لە ڤییەن یەکتر دەبینن، بۆ باس لەسەر وتووێژ کە خەریک بوو دەست پێ بکا لەگەڵ ئێرانییەکان، نە ئەم نە ئەو نەیان زانیبوو کە بێن بێللا لە ئەسڵ دا - لە لایەن - رەسووڵەوە پێشنیار کراوە وەک رێکخەری ئەم دانیشتنە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەیەکی زۆرەوە کۆ کراونەتەوە، لە سەرەتای ژووئیە دا رەسووڵ لە لایەن مەئموورانی ئێرانییەوە پێوەندیی پێوە کراوە بۆ رێکخستنی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ قاسملوو لە ڤییەن. لە سەرەتادا رەسووڵ رەتی کردۆتەوە. «بە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی گوتوە، ئەگەر قبووڵی بکەم ئێڕاقییەکان هەرگیز لێم نابوورن.» لە جێی ئەمە پێشنیار دەکا کۆبوونەوەکە لە لایەن «کاسایەتییەکی گرنگ»ەوە رێک بخرێ؛ ئەحمەد بێن بێللا وەک سەرکۆماری پێشووی ئەلجەزایر.

بەڵام ئێمە زانیارییەکی وردی کەممان لەبەر دەستە، و ئەو بەشە لە زانیارییەکان کە دەرکەوتوون لێڵن. سەرچاوەیەک ئیددیعا دەکا یەکێک لە مەئموورە ئەسڵییەکانی ئێران بە « نا» یەکی بێ ئەملاو ئەولا وەڵامی داوەتەوە بە بەشداریی ئەحمەد بێن بێللا لە کۆبوونەوەکەدا. شاهیدێکی سەحنەکە وەبیری دێتەوە کە سەرۆکی وتووێژکەری ئێرانی بە توندی بە رەسووڵی دەگوت «نا». راست ئەو کاتەی کە ئەمە روو دەدا، شاهیدەکە نەیدەزانی باسی چ دەکرێ. تەنیا دوای ئەو رووداوە بوو کە ئەو پێوەندییەی پێک هێنا. سەرەڕای ئەو «نا» بێ ئەملاوئەولایە، رەسووڵ دەبێ بە بێن بێللای گوتبێ کە «ئیمکانی هەیە کۆبوونەوەیەک هەبێ [ئێرانییەکان] لەگەڵ کوردەکان».

لەسەرەتای ژووئیە دا، رەسووڵ گەیشتە پاریس بۆ ئەوەی ویستی هاشمیی رەفسەنجانی بە قاسملووی رابگەیەنێ بۆ دەست پێکردنەوەی وتووێژەکان. خومەینی لە ژوئەنێ دا مردبوو، رەفسەنجانی، پیاوێکی سیاسی کە وەبرەو کەتبوو و لە هەڵکشان دابوو، بێ ئەوەی بکرێ بەری پێ بگیرێ بەرەو سەرۆککۆماری. هیچ کەس بەڕاستی نازانێ چ بوو، بەڵام بە گوێرەی هێندێک

دەنگۆ، رەسووڵ بە قاسملووی گوتبوو کە نامەیەکی لە رەفسەنجانییەوە پێ گەیشتوە کە داوای یارمەتیی لێ کردوە بۆ کۆبوونەوەیەک لە ڤییەن. بەوحاڵەش لەسەر ئەم خاڵە رەسووڵ بێدەنگی رادەگرێ. هیچ کەس بە نێوەڕۆکی نامەیەکی وای نەزانی. بەو حاڵەش پاش ئەوەی جینایەتەکە رووی دا، ئەو نامە بە رواڵەت سەر کۆمارییە، لە لایەن بنەماڵەی رەسووڵەوە لە ڤییەن باسی کراوە.

هەموو ئەو شتەی کە ئێمە بە دڵنیاییەوە دەیزانین، بە جارێکی هەموو وردە گومانەکان لا دەبا، ئەوەیە کە رەسووڵ بە جۆرێک لە جۆرەکان لە لایەن مەئمووورە ئێرانییەکانەوە پێوەندیی پێوە گیراوە کە کۆبوونەوەیەکی لە ڤییەن لەگەڵ قاسملووی رێک بخا.

راستییەکی زانراوی دیکە ئەوەیە کە وەفدە ئێرانییەکە لە لایەن محەممەد جەعفەری سەحرارووددییەوە سەرپەرستی کراوە کە مەئمووری دەزگای زانیاریی ئێران بوو و حاجی مستەفەوی کە بۆ وەزارەتی ئیتیلاعات کاری کردوە و ئەمیر مەنسووری بوزرگیان کە گۆیا پارێزەر بووە و پیاوی پۆلیسی ئەمنییەتی ئێران بووە.

*

عەبدەلرەحمان قاسملوو بە ۳ گوللە دەکوژرێ، بە دوو دەمانچەی دەنگ کپکراو تەقەی لێ کراوە. عەبدوڵلا یازدە گوللەی لێ دراوە. رەسووڵ پێنجی وێکەوتبوون. گوولەیەک لەسەری هەرکامیان کاری هەرسێکانی تەواو کردبوو.

قاسملوو هەر لە جێدا دەمرێ. کاتی دژکردەوەی نەبووە. جا بۆیە رەنگە یەکەم ئامانج ئەو بووبێ. بە گوێرەی راپۆرتی پیتەر پلیز پارلەمانتاری ئۆتریشی بەڵگە سەرەتاییەکان لە شوێنی جینایەتەکە نیشان دەدەن کە قاسملوو و رەسووڵ دەبێ لە پڕ لێیان درابێ لەو شوێنەی کە لێی دانیشتوون. عەبدوڵلا رەنگە «تەنیا کەس بووبێ کە دژکردەوەی بووبێ» بەر لەوەی «لێی درابێ .«شیکارییەکانی پزشکی یاسایی وایان کرد کە شوێنەواری پێست لە بن نینۆکی دا بدۆزرێتەوە — ئەو شتەی کە پیتەر هێندل سکرتێری وەزارەی نێوخۆ رای گەیاند. پیلز هەروەها دەڵێ: «سێ کوردەکە چەندین گوللەی کوشندەیان لێ دراوە. پارچە پێست و ئێسک بە دەنگ کپکەرەکانی دەمانچەوە نووسابوون».

«ئێعدامێک»، بەم جۆرە پۆلیس وەک تێرۆری پێناسە کرد.

ژمارەی برینەکان - بە تایبەتی هی عەبدوڵلا - بەربەرەکانییەکی چالاک نیشان دەدەن. هەروەها لەسەر جلوبەرگەکانی شوێنەواری خوێنی جەعفەری سەحراروودی یەکێک لە مەئموورانی ئێرانی بەدی دەکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

پۆلیسی ئۆتریشی بەسەر ساڵۆنێکی ئاڵۆز و شپرزە داکەوت، وەک ئەوەی لەو وێنانەدا کە لە یەکەم رۆژەکانی لێکۆڵینەوەکاندا دەی بینین. ئەو هەروەها شازدە قاپۆر(قاوغە فیشەک)ی لە ژوورەکەدا دیتنەوە. لە کاتی لێکۆڵینەوەکەدا پازدە گوللە دیترانەوە : شەشیان لە لەشی قوربانییەکاندا و نۆ دانەشیان لە ژووری رووداوەکەدا. پشکنینی جەستە لەلایەن پزیشکی یاساییەوە بەڕێوە چوو کە سێ قوربانییەکە لەسەریەک نۆزدە برینیان تێکەوتبوو.

*

پێنجشەم، ١٣ی ژووئیە، پاشنیوەڕۆ. پاش سەرخەوێکی کورت، قاسملوو و عەبدوڵڵا لە وەزارەتی نێوخۆ لە لایەن ئازادەوە دابەزێنران. رێبەری کورد قەراری چاوپێکەتنێکی لەگەڵ د. مازکا، کارمەندی وەزارەت هەبوو کە وەک دۆستێکی کورد سەیری دەکرا. قاسملوو دەیەویست سپاسی بکا بۆ ئەوەی ڤیزایەکی بۆ وەرگرتبوو.

قاسملوو بە پاسپۆرتێکی ئێرانی هاتبووە ئوتریشێ کە بەردەوام کەڵکی لێ وەردەگرت. پاسپۆرتەکەی لە ئەسڵ دا ئێرانی بوو، بەڵام ساختەکراو- بەڵگەیەکی فەرمی، بەڵام ناو و وێنەکەی دەسکاری کرابوون. دە ساڵ بوو کە کاربەدەستە ئێرانییەکان بۆ دوایین جاریەکی ئەسڵ یان دابۆیە.

لە وەزارەتی نێوخۆ، د. مازکا لەوێ نەبوو. بۆیە قاسملوو داوای کرد راوێژکار فرانز ڤرانیزکای ببینێ. پێی گوترا کە دەبێ چاوەڕوان بێ. تاوێکی چاوەڕێ بوو، بەڵام نەی دەتوانی زیاتر بمێنێتەوە. کارتی خۆی و هێندێک بەڵگەی حیزبیی بەجێهێشتن و رۆیشت.

سەعات چواری ئەو پاشنیوەڕۆیە، قەرار بوو پازدە کەس لە ئەندامانی حیزب لە ماڵە فەتتاحی ببینێ. هیچکام لەو ئەندامانە نەیان دەزانی کە هۆی هاتنی سکرتێری گشتی بۆ ڤییەن کۆبوونەوە لەگەڵ ئێرانییەکان بووە. لەبەر ئەوەی درەنگ گەیشتبووە وەزارەت، قاسملوو داوای لە ئازاد کرد گرووپەکە ئاگادار بکاتەوە پاش سەعات پێنج دەیان بینێ. «با بچینە هیلتۆن»، ئازاد گوتی.

ئازاد بە رێنۆ ١٢کەی وەڕێ کەوت. گەیشتە رینگ و بەرەو وێستگەی بووس لە نزیک هیلتۆن رۆیشت. وێستگەی کۆتایی راگواستن بۆ فرۆکەخانە. ئەو نەی دەزانی قاسملوو دەچێتە کوێ، و پریسیبووی دەچێتە دیتنی بێن بێلا. کاتێک گەیشتنە هیلتۆنی ڤییەن، قاسملوو و عەبدوڵڵا لە ترومبێل دابەزین. «سەعات حەوت و چارەگ بە دواماندا وەرەوە، نا، پێش سەعات حەوت و نیو»، بە ئازادی گوت. قاسملوو زۆر رێزی لەوە دەگرت کە لەسەر وەخت بێ.

ئازاد دای بەزاندن و چووە ماڵە فەتتاح، ئەو شوێنەی کە پازدە ئەندامەکەی حیزب چاوەڕێی سەرۆکەکەیان بوون. هەواڵیان لە کوردستانەوە پێ گەیشتبوو. پێش ئەوەی بچێ بۆ ئەوێ، لەسەر داوای قاسملوو، ئازد دەورێکی بە گەڕەکێ دا لێ دا بۆ ئەوەی دووکانێکی ببینێتەوە کە شەگەڵات یان گوڵی لێ بکڕێ بۆ ماری تێریز - هاوسەری فەتتاح. کاتێک بە گوڵەوە لە ئەپارتمان وەژوور کەوت، ئەوێ پڕ بوو لە خەڵک.

*

پێنجشەم ١٣ی ژووئیە، حەوت و چارەگ ئازاد هاتەوە وێستگەی ئاخری گواستنەوە لە پێش هیلتۆنێ، کەسی لێ نەبوو؛ بڕیاری دا دەورێکی لێ دا. حەوت و نیو هاتەوە بەڵام قاسملوو وعەبدوللا دیسان لەوێ نەبوون. لە نێو ترۆمبێلەکەیدا چاوەڕێ مایەوە.

سەعات هەشت، وردەوردە نیگەران بوو و لە ترۆمبێلەکەی دابەزی. گاڵەی دا و بە دوای تەلەفۆنێک دا گەڕا. زەنگی بۆ فەتتاح لێ دا کە نوێنەری حیزب بوو و هەروەها هاوڕێیەکی باشیشی بوو.

لە کابینی تەلەفۆنەوە، ئازاد دەی توانی چوارپێیانی لینک بانگاسێ ببینێ، لە دەروبەری سەد میتر لە هۆتێلی ئەنتەرناسیۆنال. شێواوییەک بەسەر شەقام دا زاڵ بوو، زۆر ئاڵۆز ببوو، چرای پۆلیسێ لێیان دەدا. تێ گەیشت کە دەبێ شتێک رووی دابێ.

فەتتاح وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە. «ئازاد پێی گوت، پۆلیس لەسەر شەقامن. هاوڕێیانمان نەهاتوونە دەر، دەبوو ئێستا هاتبانەوە».

«چاوەڕێم بە لەوێ، لە گەڵ مستەفای ئەوە دێم»، فەتتاح وەڵامی دایەوە.

ئەوان چەند دەقە دواتر گەیشتن، و دیتیان رێگا گیراوە. ئەوان گەیشتنە بەرامبەر سەحنەکە، ئەو شوێنەی کە دەیان توانی دەرگای ژمارە ٥ی لینک بانگاس ببینن. ئەوە ئەو ئاپارتمانە بوو کە مستەفا ناسیبوەوە. فەتتاح گوتی «ئەوە ئاپارتمانی رۆناتایە».

دەستبەجێ ئازد تێگەیشت: «تەواو، وتووێژ...وتووێژەکە لێرە بوو. ئێستا پۆلیسی لێیە...هاوڕێیانمان نەماون».

کوردەکان بەرەو بینایەکە چوون. پۆلیسێکی چاوەدێر پێی ڕاگەیاندن کە سێ پیاو تێرۆر کراون و یەکێکیش بریندارە. ئازاد بە پێچەوانەی هەموو لۆژیکێک هیوادار بوو کە یەکێک لە بریندارەکان لە هاوڕێیانی بێ.

فەتتاح پرسی «ئەمانەن قوربانییەکان؟» لە کاتێکدا ناوی هاوڕێیانی دەدا بە پۆلیسەکە. یەکێک لە پۆلیسەکان نزیک بۆوە و کاغەزێکی پیشان دان، ئەمە کارتی پێناسی عەبدوڵڵا بوو. «ئێوە ئەو پیاوەی دەناسن؟»

وەڵامی دایەوە «بەڵێ»، پۆلیس بۆی دەرکەوت کە ئەمانە هەر کونجپشکنێکی ئاسایی نین، و داوای لێ کردن وەدوای کەون. هەتا نهۆمی پێنجەم چوونەسەر. فەتتاح ڕاستی دەکرد، ئەوە هەر ئەو ئاپارتمانەی ڕۆناتا فێستۆیە، گراوییە ئۆتریشییەکەی ڕەسووڵ. لەسەر دەرگا قاوەییە تۆخەکەی ئاپارتمانەکە پانکارتێک «I love Kurdistan » یکی لەسەر کێشرابۆوە.

چوونە ژوور. تەواو بێدەنگ بوو . پۆلیس بە پێداگرییەوە داوای لە سێ کوردەکە کرد دەست لە هیچ شتێک نەدەن و دەستیان بە لاتەنیشتیانەوە بنووسێنن. یەک بە یەک بە جیا چوونە نێو سالۆنە بچوکەکەوە. هەر چەند ڕووناکییەکی زۆر نەبوو، دەیان توانی ببینن کە هەموو شتێک سەراوبن ببوو. سێ تەرمی خوێناوی لەسەر عەرز ڕاکشابوون.

ئازاد دواتر گێڕایەوە کە قاسملوو و عەبدوڵڵای ناسیبووەوە، بەڵام ڕەسووڵ نا. قاسملوو پشتی بە کاناپەوە دابوو. بەبێ کۆت، کراوات و کراسە سپییەکەی شەڵاڵی خوێن ببوون. لە نێوەڕاستی سەحنەی کۆمەڵکوژییەکە و ئاڵۆزییەکەدا، ڕووخساری بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئارام بوو وەک پەیکەری بوودا. عەبدوڵڵا لەسەر پشت کەوتبوو، لە نێوڕاستی ژوورەکە؛ سێیەمین پیاو لە لای دەرگا بوو، لەسەر زگ ڕاکشابوو.

بە پێی هەڵسەنگاندنی پزیشکی یاسایی مردنەکەیان سەعات پێنج و بیست دەقە بووە. بە گوێرەی پۆلیس، قاتڵەکان پێش ئەوەی ڕاکەن، بەڵگەنامەی قوربانییەکانیان هەڵگرتبوون. کیفی دەستیی [عەبدوڵڵا] قادری - ئازەریان بردبوو بەڵام کارتی پێناسیان لەبیر چوو بوو. پۆلیس ڕایگەیاند کە هیچکام لە قوربانییەکان چەکیان پێ نەبووە.

کاتێک مستەفا و فەتتاح چوونە دەر بۆ سەر شەقام، تاریک ببوو. سەعات هەشت و نیو بوو. پۆلیس ئەوانی بردە وێستگەی پۆلیس بۆ ئەوەی پرسیاریان لێ بکا. پرسیارکردنەکە لەلایەن پۆلیس و گرووپێکی دژە تێرۆرەوە بەڕێوە دەچوو لە ژێر ناوی کوبرا. II

## کۆمەڵێک وتارو لێدوان

ئێستا کوردەکان جێگەی گومان بوون. ئەوان دەبوو زەحمەتی تاقیکردنەوەی پارافینیان چێشتبا، بۆ ئەوەی تاقی بکرێنەوە بزانن ئەوان نەبوون کە تەقەکەیان کردوە. ئاکامەکەی (نەرێنی)نیگەتیڤ بوو.

سێ پیاوەکە سام دای گرتبوون. چەندین ساڵ ئەمانە لە ناوەندی تراژیدیی نیشتیمانەکەیان، سەرکوتی کوردستان، دیکتاتۆریی شا، رەنج و ئازاری رژێمی ئیسلامی و ئاوارەبوونی بێ کۆتایی دابوون. لە مانە دوویان پێشمەرگە بوون. لە کێوەکان شەڕیان کردبوو، مەرگی هاوڕێ شەرڤانەکانیان دیتبوو. بەڵام قەت ئازاری لەدەستچوونێکی وەک ئەم شەوەیان نە چێشتبوو؛ ترسناک و تاقەتپڕووکێن بوو.

ئازاد کە بنەماڵەکەی لە قاسملووەکان نزیک بوو و، لە منداڵەتییەوەو عەبدوڵڵای دەناسی، تازە تەواو بوو. ئەو قەت ئەو کاتەی لەبیر ناچێ .« دوای چەندین ساڵ دەیگوت، ئەمن دوکتۆرم، لە ژیانمدا زۆرم تەرم دیتوون، تەنانەت قوربانیانی تێرۆر. بەڵام قەت ئەوەندە نەهەژاوم... چونکە ئەوان هاوڕێی من بوون».

تەنیا لە نیوە شەوێ دابوو کە ئیزنیان پێ درا پێوەندی بە بنەماڵەکانیانەوە بگرن. «فەتتاح بە کورتی گوتی ئێمە لە پۆلیسین. بەڵام باشین».

لە ماڵی ئەوان، ئاپارتمان پڕ بوو لە خەڵک کە نەیان دەزانی چ باسە. تەلەفۆن بێ راوەستان زەنگی لێ دەدا. گێڕانەوەی تێکەڵ پێکەڵ لە شاری، لەهەموو پەتەختی وڵاتانی ئورووپا بڵاو ببۆوە. لە ڤییەن، لە پاریس، لە شارەکانی ئەڵمانەوە زەنگ دەهات. وەک هەموو کەس ماری - تێرێز تووشی شۆک ببوو. «تکاتان لێ دەکەم، چی دیکە زەنگ لێ مەدەن، پێویستمان بەوەیە ئەم خەتەی ئازاد بێڵینەوە». لە گەڵ هەموو زەنگێک دا ئەمەی دەگوتەوە.

بێ دڵنیایی زاڵ ببوو و، کەشێکی قورس لە فرمێسک، لە تەسویری ترسناک هەبوو کاتێک سێ پیاوەکە گەڕانەوە. سەعات شەشی بەیانی کوردەکان بە تەواوی شەکەت ببوون، دۆستان و بنەماڵەکانیان ماڵاواییان کردو چوونەوە ماڵە خۆیان.

[....]

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٢٥

## پێکهاتەی گوتاری نەتەوەیی و دێمۆکراسی

**بۆ هەموو ئەو مەبەستانە نامەیەکمان نووسیوە بۆ یەکتر. مەبەستی تایبەتیش کە پێمخۆشە لێرە باسی کەم ئەویش مەسەلەی خەڵعی سیلاحە، دانانی چەکە، کە ئێستا زۆر باسی دەکەن. ئەو وەختەش دوکتور بەنی‌سەدر باسی کردبوو. حەتا بیستوومانە دەیانهەوێ ڕێفراندۆم بکەن کە ئەوانەی کە چەکدارن چەکی خۆیان دابنێن. نەزەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەو جۆرەیە، ئەوەشمان لە نامەکەدا بۆ رەئیس جمهوری نووسیوە. [...] کابرایەکی کاشانی، کابرایەکی کرمانی، چوزانێ بۆچی میلەتی کورد سیلاحی هەڵگرتووە هەتا نەزەر بدا کە دایبنێ چەکەکەی یا داینەنێ. ڕادیۆ و تلویزیۆن، ڕۆژنامە هەموو ڕۆژێ تەبلیغات دەکا کە ئەوانە چەتەن، ڕێگرن. کابرای کاشانی و کرمانیش دەڵێ ئەگەر چەتە و ڕێگرن دەبێ چەکی خۆیان دابنێن. کەوابوو ئەوان سەلاحییەتیان نییە کە قەرار بدەن کە ئێمە چەک دابنێین یا چەک دانەنێین. [...] بەڵام هەتا ئەو وەختە چ ڕێفراندۆم بکرێ چ نەکرێ، چ تەهدیدمان بکەن چ نەکەن میلەتی کورد چەک دانانێ.**




**نووسەر: شەهلا دەباغی**

**دوکتور رەحیم سورخی لە نووسینێک لەسەر دیواری فەیسبووکی خۆی بە ڕێکەوتی ٧ی جولای (٢٠٢٥) باسی ئەوە دەکا کە**

چۆن پێکهاتەی گوتاری لە پرۆسەیەکدا لە کوردستان دروست بووە و ئەم گوتارە "هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری فەرهەنگی خەریکە کۆمەڵەیەکی زمانی و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بە خۆی دروست دەکات"(١) بەڕای من دروستبوونی ئەم گوتارە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر بیرتیژیی ڕێبەرێکی بەئەزموونی وەک دوکتور قاسملوو.

دوکتور سورخی بەدروستی باسی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو دەکا و دەنووسێ: "یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شەهید قاسملوو ئەوە بوو، پرسە گرنگەکانی لە میتینگی بەرفراواندا لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕاستەوخۆ دەخستە بەرباس و بیروبۆچوونەکانی بەجەماوەری دەکرد. لە میتینگێکی سەرەتاکانی شۆڕش لە بۆکاندا، ڕاگەیەنراوی لێژنەی نوێنەرایەتیی کوردستان، وەک وتەبێژی نوێنەرایەتییەکە بڕگە بە بڕگە بۆ خەڵک دەخوێنێتەوە و خەڵکەکە بە گوتنی "سەحیحە سەحیحە" (دروستە، دروستە) پشتڕاستیان دەکەنەوە".

دوکتور سورخی بۆ ئەم باسەی خۆی کەڵک لە فایلێکی دەنگی وەردەگرێ کە لە مێتینگێک لە بۆکان (١٣٥٨) دوکتور قاسملوو بۆ کۆمەڵانی خەڵک دەدوێ. دوکتور سورخی بەردەوام دەبێ و دەنووسێ:

"لەم میتینگانەدا و لە میتینگی تری ڕێکخراوە سیاسییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکهاتە گوتاری - ئایدۆلۆژیکییە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەرەبەر بەدی هاتن، بەڵام لە ئەنجامی پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا گوتاری نەتەوەخوازیی کورد خۆی زاڵ کرد و ئێستا ئیتر دەکرێت بڵێین ویستی زۆربەری ڕێکخراوە کوردستانییەکانە".

**لێرەدا من دەمهەوێ لە چوارچێوەی ئەم باسە دروستەدا واتە دروستبوونی پێکهاتەی گوتاری لە پرۆسەدا، تایبەتیتر بچمە سەر پەیوەندیی پێکهاتەی گوتاری نەتەوەیی و دێمۆکراسی لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە.**

**چەمکی دێمۆکراسی بە گشتی و بە سادەکراوی چەمکێکی ئاشنایە بۆ زۆربەی خەڵک. زۆربەی خەڵک دێمۆکراسی بە دوو ئیندێکسی سەرەکی پێناسە دەکەن:**

**- بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی وڵات لەسەر پرسەکان**
**- دەنگی زۆرینە بڕیاردەر بێ**

ئەمە ڕواڵەتی سادە و تێگەیشتنی باوە لە دێمۆکراسی. بەم پێیە تەنانەت وڵات و تاکە تۆتالیتاریستەکانی وەک ئێران،

ئەردووغان، رووس، عێراق و هتد دەچنە قالبی وڵاتانێک کە تێیاندا هەڵبژاردن هەیە و دەنگی زۆرینەیە کە پرسەکان یەکلا دەکاتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا دێمۆکراسی تەنانەت لە ئازادترین وڵاتانی دنیادا هەڵگری لایەنێکی سەرکوتگەرە، ئەویش ڕاست بەهۆی داسەپاندنی ڕای زۆرینە بەسەر ڕای کەمینەکان کە ڕەنگە زۆر جار بیروڕای کەمینە هەڵگری توخمی دروستتر بێ. بەڵام ئەم باسە بۆ بۆ ئێمەی کورد گرینگە؟

دێمۆکراسیی زۆرینە لە کاتی چەوتی و کەموکوڕیدا بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک سوید دەکرێ لە ڕێگای مێدیای بەرپرس، خەڵکی ئاگا و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بێتە ژێر پرسیار و بەجۆرێک مەهار کرێ تا سەددەمە لە مافی کەمینە نەدا. واتە کاتێک ڕای زۆرینە مەیدان بۆ مافەکانی کەمینە تەنگ بکا ئەوە بە باسی ئاشکرا و ڕوون، بە خۆپێشاندان و دەنگهەڵبڕین باسی مافی کەمینە زمانی، جنسییەتی، ئێتنیکی و ئایینییەکان بەرجەستە دەکرێن. بەڵام ئایا ئەم هەل و ئیمکانە لە وڵاتێکی وەک ئێران بۆ وێنە بۆ پرسی نەتەوەی کورد و بەلووچ یا کەمینە ئایینییەکان وەک بەهایی، جوو، یا کەمینە جنسییەتییەکان هەیە؟

**با بگەڕێینەوە سەر گوتەکانی د. قاسملوو لە میتینگی شاری بۆکان (١٣٥٨). دوکتور قاسملوو لەو میتینگەدا باسی ئەوە دەکا کە بۆ نابێ کورد چەک دابنێ و دێمۆکراسی لە ئێران چۆن دەتوانێ بۆ پرسی کورد خەتەرناک بێ. دوکتور قاسملوو دەفەرموێ:**

[....]بۆ هەموو ئەو مەبەستانە نامەیەکمان نووسیوە بۆ یەکتر. مەبەستی تایبەتیش کە پێمخۆشە لێرە باسی کەم ئەویش مەسەلەی خەڵعی سیلاحە، دانانی چەکە، کە ئێستا زۆر باسی دەکەن. ئەو وەختەش دوکتور بەنیسەدر باسی کردبوو. حەتا بیستوومانە دەیانهەوێ ڕێفراندۆم بکەن کە ئەوانەی کە چەکدارن چەکی خۆیان دابنێن. نەزەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەو جۆرەیە، ئەوەشمان لە نامەکەدا بۆ رەئیس جمهوری نووسیوە. ئەوەڵەن ئێمە ڕێفراندۆم بە شێوەیەکی غەیری دێمۆکراتی دەزانین چونکە لە ڕێفراندۆمدا ئەکسەرییەت هەموو وەختێک نەزەری خۆی بەسەر ئەقەلییەتدا تەحمیل دەکا. کابرایەکی کاشانی، کابرایەکی کرمانی، چوزانێ بۆچی میلەتی کورد سیلاحی هەڵگرتووە هەتا نەزەر بدا کە داینێ چەکەکەی یا داینەنێ. ڕادیۆ و تلویزیۆن، ڕۆژنامە هەموو ڕۆژێ تەبلیغات دەکا کە ئەوانە چەتەن، ڕێگرن. کابرای کاشانی و کرمانیش دەڵێ ئەگەر چەتە و ڕێگرن دەبێ چەکی خۆیان دابنێن. کەوابوو ئەوان سەلاحییەتیان نییە کە قەرار بدەن کە ئێمە چەک دابنێین یا چەک دانەنێین. لەپاشان لە نامەکەدا بۆ ڕەئیس جمهوری ئێران نووسیبوومان کە بەڵێ ئێمە چەک دادەنێین بەڵام وەختێک کە خودموختاری لە کوردستان دا جێگیر بووبێ. وەختێک کە ئینتیزاماتی داخلی، لەباتی ژاندارمری و پۆلیس بەدەست پێشمەرگەوە بێ. ئەو وەختە ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران موافقی ئەوەین کە هیچ ئینسانێکی غەیری مەسئوول، هیچ مەقامێکی غەیری ڕەسمی چەک هەڵنەگرێ. بەڵام هەتا ئەو وەختە چ ڕێفراندۆم بکرێ چ نەکرێ، چ

تەهدیمان بکەن چ نەکەن میلەتی کورد چەک دانانێ."(٢)

ئەوەی لە دووتوێی ئەم دێڕانەدا و لەم باسەدا بۆ من گرینگە خودی باسی مافی چەکدار بوون یا چەکدارنەبوونی هێزە کوردییەکان نییە، بەڵکوو فام و بۆچوونی دوکتور قاسملوویە لەسەر چەمکی دێمۆکراسی و ڕێفراندۆم/هەڵبژاردن و دەنگی زۆرینە لە سیستەمێکی نابەرانبەردا. ئێستا دوای دەیان ساڵ، تازە بە تازە لەم ساڵانەی دواییدایە کە لە دنیای ئاکادێمیدا باسی کەموکوڕییەکانی سیستەمی دێمۆکراسی دەکرێ و هێندێک ڕێگاچارە دۆزراوەتەوە؛ بۆ وێنە سیستەمی کۆتا بۆ بەشداریی زیاتری ژنان یا گرووپە پەڕاوێزخراوەکان لە جومگەکانی بڕیاردانـدا. سەرەڕای هەڵگرتنی دروشمی "دمکراسی برای ایران، خودمختاری برای کوردستان" لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە لەو سەردەمەدا، دوکتور قاسملوو ئاگایە بەوە کە دێمۆکراسی بە تەنیا وڵامدەری پرسی کورد نییە؛ هەر بۆیە دروشمی حیزب ئەوکات لە دووبەش پێک دێ: دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستان. لە ڕاستیدا تا تۆ چ وەک نەتەوە و چ وەک تاک، خودێکی موختار و سەروەر لەسەر ژیانی سیاسیی خۆتت نەبێ، دێمۆکراسی نەک تەنیا بەکارت نایە بەڵکوو دەتوانێ شەرعییەت بداتە ئەو زوڵمەی بەشێوەی سیستەماتیک لێت دەکرێ. هەروەها کوردستان وەک یەکەیەک کە مافی سەروەریی بۆ خۆی هەیە لەبەرانبەر ئێراندا دادەنرێ.

دوکتور قاسملوو لەو مێتینگەدا ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن دێمۆکراسیی زۆرینە دەتوانی مافی کەمینە لوول بدا. دواتر دیتمان چۆن بە شەرعییەت وەرگرتن لە زۆرینەی دانیشتووی ناو ئێران کارەسات خوڵقان. لێرەدا باسی ئەوە نییە کە ئایا ئەو دروشمە بۆ ئەوکات کافی بوو یا نا، بەڵکوو باسی ڕوانگەی ڕێبەری و حیزبێکە کە خەریکی سازکردنی پێکهاتەی گوتاری نەتەوەیی لە درێژایی زەمەنـدایە و ئەو درزانە دەبێ ببینن کە دەتوانن بەناوی تیفتیفەی دێمۆکراسی و مافی دەنگدان و دەنگی زۆرینە، زەربە لە مافی کەمینە بدەن. هەر بۆیە دوکتور لەو مێتینگەدا پێداگری لەسەر مافی چەکدار بوونی کەمینە دەکا تا ئەو کاتەی کەمینە بۆخۆی دەبێتە بڕیاردەری چارەنووسی خۆی و ناچێتە ژێر باری شێوەی زاڵی باڵادەست بەناوی ڕێفراندۆم و ڕای زۆرینە.

**دروستکردنی شوناسی سیاسی و نەتەوەیی کوردی سەرکوتکراو، بەستراوەتەوە بە بەستێن و کۆدەقەکان و باڵانسی هێز؛ بەڵام زیاتر لە هەر شتێک بەستراوەتەوە بە ئیرادە و ئاگاییی ڕێبەریی جوڵانەوە و بەشداربوونی خەڵک لە ناوەڕاستی مەیدانەکانی شار و بەتێکڕا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆ دان.**

سەرچاوەی وتار: ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک - ڕێکەوت: ١٩ی پووشپەری ٢٧٢٥ی کوردی

# دوکتور قاسملوو و خەڵاتێک



ئەحمەد شێربەگی

سەرەتاکانی پایزی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بوو، چەند مانگ بوو لە گەلاڵەی شینکایەتی را هاتبووینە گەورە دێی دۆڵی جافایەتی باشووری کوردستان. هێشتاخانووەکانی زۆربەی کۆمیسیونەکان تەواو نەببوون، زۆرێک لە ئەندامانی بنکەی دەفتەری سیاسی لە ژێر خێوەت دا دەژیان. وەستا قاسم و وەستا حەمەدەمینی بەننا کە دوو وەستای خۆبەخشی حیزب بوون بە چڕی خەریکی دروستکردنی خانووبەرە بوون.

ئەوسەردەمە هێشتاجلو بەرگی پێشمەرگە لە حیزبدابە فەرمی نەکرابوو، ئەندامانی حیزبی یەک ڕەنگ نەببوون. بە قەولێک لەباری جل وبەرگەوە هیچ جیاوازێکیان لە گەڵ پێشمەرگەکانی هێزی بەرگری نەبوو، هەرکەسەی شێوەیەک وڕەنگێک جلو بەرگی لەبەردا بوو.

پاشنیوەڕۆیەکی گەرمی مانگی خەرمانان بوو،لە سکرتاریاوە پێوەندیم پێوە گیراکە دوکتور قاسملوو داوای دیتنت دەکات. منیش کەوتمە بیرکردنەوە دەبێ دوکتورقاسملوو چکارێکی بە من هەبێ. هەزار بیرم بە مێشکی دادەهات.مرۆڤ لەکاتی وادا

به خۆی دادێتەوه ولەخۆی وەشک دەکەویَ نەکا کارێکی خراپی کردبیَ به خۆی نەزانیبیَ .پێموابوو دەبیَ هەڵەیەکم له دەنگی کوردستان دا کردبیَ که لەسەر حیزب بۆته ماڵ ودەبیَ وەڵامدەربم. یان نەکا ئەوکەسانه سکاڵیان لێکردبم که هەلپەرستیان دەکردو بەدوای بەرژەوەندییەکانیان دا دەگەڕن منیش لێم لەهەڵدادەدان... به دەم ئەوبیرانه چوومه سکرتاریا.له دەرگای ژووری کاری دوکتورقاسملووم دا و چوومه ژوورەکەی و ڕۆژباشم پێکوت.

د.قاسملوو به تەنیا دانیشتبوو، ڕووخساری وەک هەمیشه گەش بوو هیچ ئاسەواری تووڕەبوونەکم بەرووخسارییەوەنەدی و لەوەی نەدەچوو لێپرسینەوەم لیَ بکات. وەک عادەتی هەمیشەیی لەبەرم هەستا وهاته پێشوازم و دەستی باوکانەی لەنێو دەستی نام و خوڵقی دانیشتنی کردم. دەستی به جەفەنگ لێدان کرد، لەدڵی خۆم دا هەناسەیەکی ڕاحەتم هەڵکێشا که ئەوەنەبوو بیرمی بەخۆیەوه خەریک کردبوو. لەسەرخوانکی کارەکەی قاپێکی فافۆنی پڕی تریَ ڕەشه داندرابوو، کلاسۆرو خۆنووسەکەیو لەگەل پاکەتێک سیگاری (Kent) کێنتیشی لەسەر بوو، خوڵقی کردم لەوتریَ ڕەشەیه بخۆم که کەریم شەڵماشی پارێزەری له ڕەزەکانی داوێنی کێوی "گۆجار" بۆی هێناوه.(گەورەدێش وەک سەدان گوندی دیکەی باشووری کوردستان وەبەر شاڵاوی پەیمانه شوومەکەی ئەلجەزایر کەوتبوو له دانیشتوانەکانی چۆل کرابوو، هەرچی زەوی و زارو باخو باخات بوو بیَ خاوەن مابۆوه خەڵکی ئەم گوندەش له ڕێگای داره بادام و ڕەزو هەرمیَ بژێوی خۆیان پەیدا دەکرد) بەدەم تریَ خواردن د.قاسملوو له شێوەی کارو چالاکیمی پرسیو پاش دنەدان وتەشویق کردنم و ڕەزامەندی دەربڕین له ڕادیۆ دەنگی کوردستان که بەباشی ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنیَ دەستی بۆ کیسەیەکی نایلۆنی تەنیشتی برد ودایه دەستم و فەرمووی:

"ئەوه ڕانک و چۆخەیەکی خۆمه تازەم بۆ هاتوه ڕەنگیم زۆر پیَ جوانه، بەڵام لەنەر من دا تەنگه، به بیرو لێکدانەوەی خۆم وام هەڵسەنگاند که کیَ لەبەریکات له قەدوبالای دیَ، تۆم به مێشک داهات که خەڵاتی تۆی بکەم."

ڕانکو چۆخەکەیەکی مەرەزی سوورگوێزی له کیسه نایلۆنەکه دەرهێناو فەرمووی:

هەسته بەخۆتییەوه بگره...

کاتیَ ئەو هەڵوێستەم له د.قاسملوو دیت له خۆشیان قاچم عەرزی نەدەگرت. هەستم دەکرد هەڵدەفڕم، چاوم فرمێسکی تێچزابوو، نەک لەبەرئەوەی که بوومەته خاوەن ڕانکوچۆخه بەڵکوو لەبەر ئەوه بوو د.قاسملوو بەسەری کردوومەتەوه و خەڵاتی کردووم.



سەرچاوە
Serchawe

## کۆمەڵێک وتارو لێدوان

هەستام ڕانکو چۆخەکەم هەروا لەسەرجلەکانم بە خۆمەوە گرت و سپاسم کرد، پاش کەمێک مانەوە لە لای، دیارییەکەیم هەڵگرت و مالاواییم لێکردلە ژوورەکەی و دەدرکەوتم.

لە ڕانکو چۆخەکەی دوکتور قاسملوو وەک بەنرخترین کەلوپەلەکانی شاخم دەروانی، جاروبارە کە لەبەرم دەکرد کاک تەهای ڕەحمەتی هەمووجارێ دەیگوت:

بەو ڕەنگەی بارگینی داشقەم وەبیر دەخەیەوە ...

بە هۆی نەزانی وبێ ئاگابوون لەوەی کە ڕانکوچۆخەی مەرەز دەبێ لە هێرشی مۆرانەی خوری خۆر واتە مۆرکە بە پارێزەوە هەڵگیرێ، هیندەی تێوەرنەسوورا کە مۆرکە لێیدا ووەک بێژینگ کون کونی کرد بوو. لەوەش بەداختر ئەوە بوو بەهۆی بێ ئیمکاناتی و نەبوونی کامێرای وێنەگریی ئەوسەردەمە نەمتوانی یەک دوو وێنە بەو ڕانکوچۆخەوە بگرم و بەدیتنیان یادێک لە قاسملووی مێهرەبان بکەمەوە...

**کڕنۆش بو گەورە بیت و بۆ ئۆقیانوسی قووڵی مرۆڤایەتیت ئەی ڕێبەریی هەموو وەرزەکان و شکۆی باوەڕی نەتەوەیەک.**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٢٥

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٢٥ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠١٥ی زایینی**

---



سەرچاوە Serchawe

